لیژنە هاوبەشەکانی هەرێم و عێراق بە چارەسەری کێشەی نەوت دەستبەکاردەبن

لەم هەفتەیەدا لیژنە هاوبەشەکانی هەرێم و عێراق بە چارەسەری کێشەی نەوت دەستبەکاردەبن، وەزیری نەوت دەڵێت، هەوڵەکان بۆ ئاڵاستەیەن نەوت رادەستی سەمە بکرێت و کێشەکە بەیەکجاریی چارەسەر بکرێت.

حەیان عەبدولغەنی، وەزیری نەوتی عێراق رایگەیاند، لە ڕێگەی دوو لیژنەی هاوبەشەوە، کە یەکەکیان هونەری و ئەوەی دیکەیان یاساییە، لەگەڵ حکومەتی هەرێم گفتوگۆدەکەن بە رادەستکردنی نەوتی هەرێم بە وەزارەتی نەوتی عێراق لە ڕێگەی کەمپانیای سەمەوە.

ئەوەشی خستەووو، ڕێنگە لەم هەفتەیەدا کەبوونەوەیەکی لیژنە هاوبەشەکان ئەنجامبدرێت، بە درێژدان بە گفتوگۆ و دانووستانەکان بە ئامانجی چارەسەرکردنی یەکجارەکی کێشەی نەوتی هەرێم بەجۆرێک نەوتەکە رادەستی کەمپانیای سەمە بکرێت بەمەبەستی هەناردەکردنی.

باسی لەوەشکرد، هەرێم لە ئێستادا ٣٧٥ هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا بەرهەمدەهێنێت، کە ٤٥ هەزار

بەرمیلی بە پاشاوگەکان دەدەوات و ئەوەی دیکە کە دەمێنێتەوە دەبێت رادەستی وەزارەتی نەوت بکرێت، بە ئەوەی لەرێگەی کەمپانیای سەمەوە هەناردە بکرێت.